# مردن... لەژیان دەبورم

ئیدریس عەلی

هیچ لەهەتاوەکە نەباری‌و
من لەقاتی دووەمی مەراقێکدا مردم..
هیچ لەمانگەکە نەرژاو
من لەبەشی خوارەوەی ئازارێکدا گریام..
هیچ لەدرەختەکە نەوەری‌و
من لەگەرمایی دەستەکانی تۆدا
چۆڕ چۆڕ منالێیە لە ئێستام رژا.
بەروخسەت بێدەنگی گۆرانییەك
تاوێ لەبەر هاڵاوی تین داگرتووی
ئەم ئاگرەدا .. کە ژیانە
جلکە تەراویەکانی باران
هەڵدەخەم..
لەژێر پێستی سەرمابردووی ئەم ئاوەدا
کە مردنە
وەك تینوێتی
دەنگی برینەکانم لێدەکاتە هاژە
چون خەم گریانی رۆژانەم
لێدەکاتە گۆرانی
چون مردن کۆڵانەکەمانم لێ پڕ دەکات
لەوردە ئەستێرەی رژاوی چاوی خوا،
بەروخسەتی هەر شتێك کەنایلێم
وام لەپاڵ ماتی سێبەرە خەم نشینەکانی باخچەدا
بەرانبەر تیشکە تیژپەرەکانی هاوین
دانیشتووم‌و وەك ئێوارە مەلول
شیعر ئەڵێم و لەتەنیایی خۆم‌و
کۆترەکانی حەوشەو
هەناسەکانی دواین ساتی دایکم دەروانم...
سێبەرەکەم حەوت کۆڵانم لەشەڕ
نزیك دەکاتەوە
خودایە کۆڵانەکان تابوتێکنە منالێمی تێدا راکشاوە!
تەسلیم دەبم بەهەر شتێ لەو بەری خەیاڵ
هاوار دەکەم لەهەر کەسێ لەمبەری سەبوری!
بارانەکە دایکردوو
من لەخەیالی(با)دا وەك بۆنێکی کەم تەمەن نووستم..
هاواردەکەم:
پەنجەرەکە بەحاڵ ترازاو
من لەخەمی کچێنی گولێکەوە دەرکرام.
وەك چۆن ئومێد بەپەرۆشەوە لەژیان وەدەر نرا!
دەبینی چەند دیلێکی بەد دەبم

ماتی برینەکانی سەرپەنجەی کات
دەخرێتە ئەستۆی چەقۆکانی رۆژگاری من؟
رێگاکە درێژ تر
دەچێتەوە سەر مردن
من تاریکتر دەچمەوە سەرمنداڵی
بچوکتر دەترنجێمەوە نێو خەمو
دەخزێمەوە سەر قەڵا دۆشکانی تەنیایی.
هاوار دەکەم بمکوژن
هاوڕێکانم یەك یەك دەمبورن
دەمبورن لەم بێدەنگییەم کەپڕن لەوتن
دەمبورن لەبیابانی ئەم خەیاڵەم
کەپڕن لەوردە باخچەی رەنگاو رەنگ
دەمبورن لەتاریکی ئەم شیعرانەم
کەپڕن لەمۆمی روناکیو
لەبزەی شیرینی منداڵی سەیر سەیر
خودا دەبمورێت لەکوفرەکانی عیشق
لەو رۆژەوە بەتاڵەکانی ماچ
کۆڵان دەمبورێت لەمنداڵی
لەو دیوارانەی بەتەڕی دەستم لێدان
لەشوشەی ئەو ماڵانەی هەربەهەوەس شکاندمن
گەورەیی دەمبورێت لەجۆ جۆکانی شەوانە
کاتێ یەك بەخۆ هاوارم دەکرد:
شارگیرا... شارگیرا
ئێوارە دەمبورێت لەبێزاری پیاسەکان
باخچە دەمبورێت لەهەڵوەرینی گوڵێك
لەو رەنگانەی بەجێم هێشتنو
ئیدی نەچوومەوە سەر هیچیان
شەقام دەمبورێت
لەسەختی هەنگاوەکانم
لەو سڵاوانەی بێ وەڵام سوتانمن..
دایکم دەمبورێت لەدووری
دەمبورێت لەجار جارە چونم بۆ سەرقەبران
لەبوغردە بێ بۆنەکانی جەژن
لەفاتحایەك
لەسەر کێلی گۆڕەکەی نەم نووسی...
باوکم دەمبوورێت
لەشکانی پەرداخێكو
لەشکاندنی هێلکەیەکی نێو کولانە
مامۆستا دەمبورێت
لەدرەنگ چوونە قوتابخانەم
دەمبورێت لەسوتاندنی ریحلەیەكو

**لەدزینی دڵی کچێکی هاوڕێم**

**کاتێ خەیاڵ لەپۆلدا ئابلۆقەم دەدات...**

**کچ دەمبورێت لەدرۆکانی وەفا**

**لەوێردە پوچەکانی لەزەت**

**ژیان دەمبورێت لەمردن**

**منیش هەروەها**

**مردن دەبورم لەژیان.**